چیای قەندیل/ دەڵێت

کەجەکە کشانەوەمان ڕاگرت ، ئاگربەست بەردەوامە

KCK ڕایگەیاند کە لەبەر ئەوەی حکومەتی تورک لەبواری دیموکراتیبوون و چارەسەری کێشەی کورد هەنگاوی نەناوە ، ئەوان کشانەوەی گەریلا ڕادەگرن . KCK ووتی :"کشانەوەی گەریلا ڕاوەستێندرا ، بەڵام ئاگربەست بەردەوامە ٠ئاگربەست دەرفەتێک دەداتە AKP کە لەچوارچێوەی پرۆژەی ڕێبەر ئاپۆ هەنگاو بنێت ".

هاوسەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی KCK لێدوانێکی دا و ڕایگەیاند کە لەبەر بێ هەڵوێستی حکومەتی تورک لەبەرامبەر قۆناخی دووەمین و چارەسەر نەکردنی کێشەی کورد ، ئەوان کشانەوی گەریلا ڕادەوەستێنن .

هاوسەرۆکایەتی کۆنسەی بەڕێوەبەری KCK ڕایگەیاند :"ئەوەی کە ئاگربەستی ئێمە ، ئیرادەی کشانەوەی گەریلامانی گرنگ نەدیتووە ، ئەوەی وەڵامێکی ڕاستی نەداوەتەوە و ئەو قۆناخەی وەک دەفەرتێکی فریودان بەکارهێناوە ، هەوڵی داوە لەسەر ئەو بناخەیە بە بارودۆخێکی ئاگربەست تا هەڵبژاردنەکانی هەرێمی و بۆ ئەوەی لەهەڵبژارن بەسەر بکەوێت ، حکومەتی AKP یە ٠ هەربۆیە بەرپرسیاری ئەو بارودۆخە حکومەتی AKP بۆ خۆیەتی ."

هاوسەرۆکایەتی کۆنسەی بەڕێوەبەری KCK سەرەڕای "هەموو نزیکایەتیەکی بێ بەرپرسیاری "جارێکی تر بانگەوازی لە حکومەتی AKP و دەوڵەتی تورک کرد کە بۆ دیموکراتی بوون و چارەسەری کێشەی کورد هەنگاو بنێت و ڕایگەیاند :"کشانەوەی گەریلا وەستاوە ، بەڵام بارودۆخی ئاگربەست بەردەوامە ٠ بەردەوام کردنی ئاگربەست ، دەرفەتێکە بۆ AKP کە لەچوارچێوەی پرۆژەی ڕێبەر ئاپۆ هەنگاو بنێت ٠"لەبەردەم هەنگاونانی دەوڵەتی تورک ، هیچ ئاستەنگیەک نەماوە

لێدوانی هاوسەرۆکایەتی کۆنسەی بەڕێوەبەری KCK بەو شێوەیە بەردەوام دەکات :

" ڕێبەر ئاپۆ لەبنەمای ئەزموون و گفتوگۆیەکانی (٤٠) ساڵەی تێکۆشانی ئازادی و (١٠) ساڵی تێکۆشانی دیموکراسی تورکیا ، گەیشتەئەو بڕیارەی کە بەدیموکراتی بوونی کێشەی کورد چارەسەر دەبێت و لەسەر ئەو بنەمایە پرۆژەی ژیانی ئازاد و ڕزگاری دیموکراتی پێشکەشی ڕایگشتی کوردستان ، تورکیا ، ڕۆژهەڵاتی ناوین و جیهان کرد ٠مانیفستۆی ڕزگاری دیموکراتی کە لە ٢١ی ئاداری ٢٠١٣ ڕاگەیەندرا ، لەئەنجامی چاوپێکەوتنەکانی ئیمراڵی دروست بوو ، ڕێبەر ئاپۆ گەیشتە ئەو باوەڕییەی کە بارودۆخ و هەڵومەرجی کوردستان ، تورکیا ، ڕۆژهەڵاتی ناوین و جیهان گونجاوە بۆ ئەو پرۆژەیە سەربگرێت ."

"ڕێبەر ئاپۆ لە ساڵی ١٩٩٣ و بەدواوە بۆ دیموکراتی بوونی تورکیا و چارەسەری کێشەی کورد بەردەوام

AKP کرد . لەبەردەم دەوڵەتی تورک هیچ ئاستەنگیەک نەماوە بۆ هەنگاونان قۆناخەکە . ئەگەر لەشوێنێکی تری جیهان، نزیکایەتی و سیاسەتێکی بە و رەنگە نیشان درابا ، ئەوا ئەو ئیرادەیە بۆ چارەسەری وەک دەرفەتێکی گەورە نیشان بەکاردەهێنرا .ئەوەی کە دەخوازێت کێشە چارەسەر بکات ، لە بارودۆخێکی بەو رەنگە دەگەرێت . تەڤگەری ئازادیخوازی کورد ، بناخەیەکی بەو رەنگە بەزیادەوە ئافراندووە ."

کاتێک تورکیا گەیشتە چارەسەریەکی راست ، ئەوکات کێشەکە چارەسەر دەبێت

"رێبەر ئاپۆ و تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کورد ، لەبەر ئەوەی باوەڕی کردوە کە باشترین رێگا چارەسەریە ، برایەتی گەلان و چارەسەریەکی دیموکراتیە ، هەنگاوی بەو رەنگەیان ناوە . بەراستی نەبینیوە کە بە بڵندکردنی ئاستی شەڕ لە چارەسەری کێشەی کورد بگەرێت . بۆیە بەساڵانە نزیکایەتییەکی گونجاوی چارەسەری نیشانداوە و باوەڕی کردووە کە بەدیموکراتی بوونێکی راستی تورکیا کێشەکە چارەسەر دەبێت ."

"ئاگربەست و پێشنیاری چارەسەری لەلایەن رێبەر ئاپۆ ، لەسەر بنەمای ئەو باوەڕییە هاتەئاراوە . سەرەڕای ئەوەی تەڤگەری ئازادیخوازی کورد هەموو بەرپرسیاریەکانی جێ بەجێ کرد ، حکومەت و دەوڵەتی تورک بەشێچ شێوەیەک وەڵامی ئەو هەنگاوانەی نەدایەوە و وەک ئەوەی کە هیچ بەرپرسیاریەکی سیاسی تەڤگەری ئازادیخوازی کورد نیە ، هەڵسوکەوتی نیشاندا . بە وەڵام نەدانەوەی ، هەنگاوە مێژوویەکانی تەڤگەری ئازادی کوردی بێ واتاکردووە . وەک چۆن لەئیمراڵی هیچ چاوپێکەوتن دروست نابێت و هیچ هەنگاوێکیش بە بنرێ نیە ، هەڵوێستێکی بێ بەرپرسیاری نیشانداوە ، دەوروبەر و زۆربەی رایگشتی دیموکراتی کە پەیوەندیان لەگەڵ کێشەی کورد هەیە ، هاوفکرن کە AKP لەبەرامبەر هەنگاوەکانی تەڤگەری ئازادیخوازی کورد هیچ شتێکی نەکردووە ."

"باوەڕکراوە کە ئاکتۆر سەرەکی کە ئەو پرۆسەیەیی دەست پێکردووە ، رێبەر ئاپۆیە . بەڵام بۆ سەرخستنی ئەو پرۆسەیە هیچ دەرفەتێک بۆ رێبەر ئاپۆ دەستەبەر نەکراوە . کێشەیەکی سەدان ساڵە هەیە ، لەگەڵ ئەمەش ئاکۆتۆری سەرەکی چارەسەری ئەو کێشەیە گۆشەگیریەکی گرانی لەسەر بەرێوەدەچێت و رێگا لەبەردەم خەباتەکانی ناکرێتەوە .ئەمەش نیشانی دەدات کە حکومەت بە شێوەیەکی راست نزیکی قۆناخە نابێتەوە . سەرۆک وەزیر و حکومەت هەموو رۆژ کۆبوونەوەیان ئەنجامدا ، هەموو جار بەهەزاران بۆچوونی دەوروبەریان وەرگرت . بەڵام لەلایەکی تر لەمانگێک دوو کاتژمێر دەرفەتی چاوپێکەوتن بە رێبەر ئاپۆ دەدەن. ئەم بارودۆخە نیشانی دەدات کە پرۆسەکە بەشێوەیەکی باش بەرێوەنەچووە و بەرێوەش ناچێت ."

لەبارودۆخی ئاگربەست سەربازگە و بەنداو دروست کران

"لە بارودۆخی ئاگربەست ، دروستکردنی سەبازگە ، بەنداو و سیستەمی بەجاش کردن ئەمەش نیەتێکی باشی نیشان نەدا . دیارە کە حکومەت نە بۆ چارەسەری ، بەڵکو بۆ شەڕ بەشێوەیەکی گشتی ئامادەکاری دەکات . ماوەی ٩ مانگە ئاگربەست ، وەک دەرفەتێک بۆ خەباتی سەربازی کە لە بارودۆخی شەڕ نەیاتوانی ئەنجامی بدەن ، ئێستا دەیکەن .لەبواری دیموکراتی بوونی تورکیا هیچ هەنگاوێک نەنرا ، بۆ ئەوەی رێگالەبەردەم سیاسەتی دیموکراتی بکرێتەوە ، زیندانیانی ژێرناوی KCK ش ئازاد نەکران و یاسای تێکۆشان لەبەرامبەر تیرۆر وەک خۆی ماوە لەچوارچێوەی بەرپرسیاری دیموکراتی بوونی کۆمەڵگادا ، بۆچوونی

سەرۆک وەزیری تورکیش ووتی :"پرۆسەیەکی بەو شێوەیە نیە ، تەنیا ئەو خەباتانە هەیە کە ئێمە
بەرێوەیدەبەین ."کاتێک نزیکایەتییەکی بەو شێوەیە لەبەرامبەر پەروەردە بەزمانی دایک نیشان درا ، وەڵامی
ئەمەش دەستنیشانی دەکات کە لە بابەتی چارسەریەکی ریشەیی هیچ خەباتێکی جدی نیە ."

" هەڵسوکەتی حکومەتی AKP و لەبەرامبەر ئەو هەنگاوانەی لەلایەن تەڤگەرەکەمان بەرێوەچوون ، بێ واتا
کرد .حکومەتی AKP هەموو هەنگاوەکانی ئێمە وەک کشانەوەی گەریلاش لەنەبوونیەوە دەبینێت و وەڵامی
ئەو هەوڵدانانی ئێمەی نەدایەوە حکومەتی AKP سیاسەتی فیرودانی بەرێوەبرد ، هەوڵی دا بەو رەنگە بەرەو
هەڵبژاردن بچێت .بەرپرسیاری ئەو بریارەمان حکومەتی AKP یە ، AKP بووە هۆکاری ئەوەی کە ئێمە ئەو
بریارە بدەین ، بە بێ بەرپرساری هەڵسوکەوتی کردووە و بۆ چارەسەریش هیچ هەنگاوێکی نەناوە هەورەها
لەبەرامبەر کشانەوەی گەیلاشدا هیچ هەنگاوێکی نەهاوێشتووە و لەبەر ئەوەش بووە هۆکاری ئەوەی کە ئەو
هەنگاوە کۆتایی بێت ."

بارودۆخی ئاگربەست وەک خۆی دەبێت

گەریلا لەتەڤگەری ئازادی هێز وەردەگرێت و نوێنەری فکری دیموکراتی بوونی رۆژهەڵاتی ناوین ،
کوردستان و تورکیا دەکات . هەرهێزێک گەریلا و تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کورد وەک هێزێکی جدی
نەبینێت ، ئەو هێزە زهنیەتی دیموکراتی نیە و بەڵکو داگیرکار و لەناو بردنە . ئەو نزیکایەتی و هەڵوێستە
نیشانی دەدات کە حکومەتی AKP و دەوڵەتی تورک خاوەن هەمان زهنیەتن .

"ئێمە سەرەرای هەموو نزیکایەتیەکی بێ بەرپرسیارانەی AKP و دەوڵەتی تورک جارێکی تر بانگەوازی
دەکەین کە بۆ چارەسەری کێشەی کورد و دیموکراتی بوون پێویستە هەنگاو بنرێن .بەبیری دەهێنینەوە با
دەوڵەتی تورک و حکومەتی AKP پرۆژە و دەرفەتە مێژوویەکانی رێبەر ئاپۆ راست هەڵسەنگێنن ز
راوەستاندنی کشانەوەی گەریلاکان ئاگربەست دەپارێزێت .لە بارودۆخێکی ئاگربەست مانەوە بەو واتایە دێت
کە بۆ پرۆسەی چارەسەری هەنگاوی ئەرێنی پێویستن ."

"بانگەوازی لەگەلی کورد و هێزە دیموکراتیخوازەکانیش دەکەین کە لەدژی ئەو هەڵوێستەی حکومەتی AKP
تێکۆشانیان بەهێزتر بکەن ، بۆ ئەوەی AKP هەنگاو بنێت دەنگی خۆیان بڵند بکەن . دەبێت گەلەکەمان و هێزە
دیموکراتیخوازەکان خاوەن لە پرۆژەیەیی رێبەر ئاپۆ دەرکەون و ئێمە لەو باوەرەداین کە ئەگەر تێکۆشان
بکرێت ، ئەو بانگەوازییە مێژوویە بەسەر دەکەوێت ."